# دەنگدان و دوو حەقیقەت

د. ئەحمەدی مەلا

یەكێ لە بیچمەكانی دیموكراسی دەنگدانە. بەڵام هەموو پرۆسەكانی بە دیموكراتیزەكردنی كۆمەڵگاش تەنها بە دەنگدان ئەنجام نادرێت، نەخوازەلا لە كۆمەڵگا رۆژهەلاتی-ئیسلامییەكانی دونیای ئێمە. هەندەی دیكەش ئەم دونیایە پڕ گرفت و ئاڵۆزكاو دەبێت كاتێك بیر لە كۆمەڵگای كوردی دەكەینەوە! ئێمە گەلێك، هەندێكجار زیاد لە پێویستیش باس لە دیموكراسییەت دەكەین و وا دەزانین سەرتاپای چارەسەرەكان لەودا دەدۆزرێتەوە و هەر بەویش دەروازەكانی بەختیاریی و كامەرانی و گەشەكردن دەكرێنەوە. لە هەندێ رووەوە راستە و لە هەندێ رووشەوە، كۆمەڵگا پێویستی بە فاكتەری دیكە هەیە بۆ ئەوەی لە پاڵ سیستەمی سیاسی، سیستەمی پەروەردە و سیستەمی رۆشنبیریی و سیستەمی ئاوەدانكردنەوە و سیستەمی خزمەتگوزاری ببنە كۆڵەگە بنەڕەتییەكانی كۆمەڵگا. واتە سیستەمی سیاسی تەنها هەر دیوە وەزیفییەكەی بۆ بمێنێتەوە و وەكو ئادات و ئامرازێك دەبێ سەیر بكرێت.
لێرە، هەڵبەتە دەنگدان تەنها ئامرازێكە و بەس.
واقیعی سیاسی كوردی لە چوارچێوەی عێراقدا، هەمیشە دەبێ لە سەر دوو هێڵ ئیش بكات. یا بە شێوەیەكی دیكە : لە دوو ئاڕستەدا خۆی بسازێنێ و خۆی دابمەزرێنێ. ئاراستەیەكی لە ململانێی سروشتی خۆی لە گەڵ هێزە سیاسییەكانی دیكەی عێراق دا خۆی ساغ دەكاتەوە. دەكرێ ئەم دیوەی خەسڵەتی نەتەوایەتی بگرێتە خۆی، چونكە لە ناواخن دا وەكو هێزی كوردی دێتە پێشەوە، یا هەندێ جاریش دروشمی عێراقی بۆ تاكتیك بەرز كرێتەوە. واتە هەندێ جار بە رەنگی كوردایەتی و هەندێ جار پێشكەتنخوازانە و هەندێ جاریش دیموكرسیخوازانە مامەڵە لە گەڵ دەرەوەی خۆی دەكات و هەر لە سەر ئەم رەهەندانەش جەماوەر هان دەدات و دەیەوێ بە لێشاو بەرەوە سنووقی دەنگدان بچن و بە رۆژی چارەنووسازیش نێو زەد دەكرێت.
ئەمایان راستە. زۆریش راستە، بەڵام ئەم ئاراستەیە هەمیشە هەر بە ناتەواوی و نوقسانی دەمێنێتەوە ئەگەر بێت و لە گەڵ دیوەكەی دیكە، واتە لە گەڵ دیوە ناوخۆیەكەی گرێ نەدرێتەوە و لە گەڵ ئەو نەچێتە جەدەلێكی بە پیت و بەرەكەتەوە. واتە دابڕان لە دیوە ناوخۆیەكەی، ئەم پرۆسەیە نەك بە نوقسانی دەمێنێتەوە، بەڵكو دەبێتە هەیكەلێكی بێگیان و لە دوا پێناسەش دا تەنها دەبێتە كۆمیدیایەكی دیموكراسی و ناتوانی تا سەر گرەوە ناوەكییەكان لە سەر حسێبی مەترسی دەرەوە ناباتەوە. واتە با هەمان تاكتیكی وڵاتانی ناوچەكە دووبارە نەكرێتەوە، سیاسەت لە سەر ئەساسی ترس رێكدەخرێت. ترس لەوی دیكە، ئەوی دوژمن و نەیار و ناحەز.
ئەوەی كە لەم پرۆسەیە دەبێ ئاوڕی لێ بدرێتەوە و كاری بۆ بكرێت، نەك تەنها یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارەكەیە، كە گرفتە سەرەكییەكان لەوێ دا نییە، سەرەرای ئەوەی جەماوەری كوردستان بە پەرۆشەوەی چاوەڕوانی ئەو رۆژە دەكەن! یەكگرتنەوە بە مەرجێ گرینگیی خۆی پەیا دەكات، كە یەكێ لەو دوو هێزەی كە ئێمرۆ لە كوردستان بارستاییان هەیە، یەكێكیان شێكلی موعارەزە وەربگرێت. هەر ئەمەشە كە وا دەكات، ئەم دوو ئیدارەیە یەك نەگرنەوە. ئەمەش خەسڵەتی سەرتاپای سیاسەتی دونیا ژەنگنی ئێمەیە. چونكە سیاسەت واتە دەسەڵات، لە دەرەوی دەسەڵات كەس وجوودی نامێنێ. چونكە

تەنها  لە نێوان دەسلەملانێ و دوژمنداریی دا، سیاسەت رووە راستەقینەکە و ساغڵەمەکەی خۆی ئاشکرا دەکات. ئەوەی لای ئێمە تا ئێستا بەرقەرارە و تا زەمانێکی زۆریش هەر بەرقەرار دەبێت، تەنها هەر پێچەوانەی ئەمە دەبێت.
چونکە دابەشکردنی برایانەی داهات و سامان و دەسەڵات لە کوردستان لە نێوان ئەم دوو هێزە، واتە ئیفلیجکرنی دیموکراسی و رێگەگرتن لە سەرهەڵدانی موعارەزە. نەبوونی موعارەزەش لە هەر چ کومۆڵگایەک دا واتە نەبوونی دیموکراسییەت وەکو مومارەسە.
دەنگدانی داهاتوو گەلێ گرینگە و گرینگییەکەشی لەوەی دیکە کەمتر نییە، واتە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێم، یا لە هەر هەڵبژاردنێک کە لە هەرێم دا ئەنجام دەدرێت.
راستە کورد لە پەرلەمانی عێراق دا  دەبێ سەنگی هەبێت، بەڵام ئەم سەنگە لە پێناوی چی؟ تەنها لە پێناوی ئەوەی ئەم ستاتیکۆیەی کە لە کوردستان دایە بە جێگیریی بمینێتەوە! یا لە پێناوی ئەوەی کۆمولگایەکی ساغڵەم و تەندروست بنیات بنرێت. بەو واتایەی کە دەنگدانی پانزەی مانگ ببێتە زەخم و سامانێکی سیاسی بۆ ئەوەی تاکی کورد لە بەریا ئاسۆی دوارۆژێکی روونی لێ بکرێتەوە. نەک ئاسۆیەک بەری بە تراوێلکە گیرابێت، بەڵکو ئاسۆیەکی راستەقینە.
راستەقینە بەو مەبەستەی کە سیاسەت لە مانا تەقلیدییە کوردییەکەی پاقژکرێتەوە و واتایەکی شارستییانەی شیاوی بێت، واتە سەرۆک هەرێم و سەرۆکی پارت و سەرۆکی حکوومەت خۆیان بەوە رابهێنن کە کوردستان موڵکی هەمووانە و ئەوان تەنها وکو وەزیفە ئەو پۆستانەیان هەیە. با تاکی کوردیش بەوە رابێت کە ئەم پۆستانە پێناوی ئەو دان. با ئەوانیش ئەوە بزانن کە لە نێو شەش ملیۆن کەس، لێهاتووی زۆر هەن. بەو واتایەی کە خزمەتی ئینسانی کورد ببێتە ئامانج، بەو واتایەی کە گەشە کردن و بنیاتنانی  ژێرخانەکان گرینگ بن، بەو واتایەی کە شەفافییەت و موحاسەبەکردن بەشیک بن لە مومارەسەی کۆمەڵگا، بەو واتایەی ئازدکردنی رۆشنبیریی و رۆشنبیران مەبەست بێت بۆ ئەوەی هەمیشە وەکو پاشکۆ بە دووی حیزبەوە تووشی هەناسەبڕکێ نەبن.
بە کورتی، با لەوەش تێبگەین کە کوردایەتی تەنها لە پێناوی ئێستا و داهاتووی تاکی کورد دایە.

دەنگدانی سبەینێ تەنها هەر دیوێکی حەقیقەتە، دیوەکەی دیکەی دوو سبەی ئاشکرا دەبێت.